# هیچ کەسێکم نەبینووە لەوانەی کە قژیان هەتاوەکو نێو شانیان درێژە لە جلێکی سووردا جوانتر بێت لە پێغەمبەری خودا

لە بەرائی کوڕی عازیبەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «هیچ کەسێکم نەبینووە لەوانەی کە قژیان هەتاوەکو نێو شانیان درێژە لە جلێکی سووردا جوانتر بێت لە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم-، قژی هەتا نێو شانەکانی درێژ بوو، نێو شانەکانی پان ودوور بوو (چوار شانە بوو)، (باڵای) نە کورت بوو ونە درێژ بوو».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

لەم فەرموودەیەدا بەرائی کوڕی عازیب -ڕەزای خوایان لێبێت- وەسفی پێغەمبەری خودا دەکات -صلی الله علیه وسلم- کە بەڵگەیە لەسەر جوانی وڕێکی لاشەی پێغەمبەرمان -صلی الله علیه وسلم-، باسی ئەوە دەکات کە هیچ کەسێکی نەبینیووە کە قژی هەتاوەکو نێو شانی بێت وجلێکی سووری لەبەردا بێت جوانتر لە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم-، وپاشان هەندێک وەسفی تری باسکرد لەوانەش نێو شانەکانی دوور بوون (چوار شانە بوو)، وباڵای (کەموکورتی تێدا نەبوو؛ نە کورت بوو ونە درێژ بوو (باڵای مام ناوەند بوو.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/2990